www.kurdistannet.org
7-3-2007 23:48 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هزری کۆمەڵگای مەدەنی پێنگافی سەردەمیانەی گەرەکە ... حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ



مرۆڤ وەك زرنگ و هوشیارترین کائین و بوونەوەری سەر گۆی ئەم زەویە لەدێر زەمانەوە و لە سەردەمی ناسین و ئاشنا بوونی بە دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاکاندا بی پسانەوە بەردەوام لەبیر و هەوڵ و تەقەلای بی وچاندا بووە بۆ داهێنان و بەرجستە کردنی باشترین و نایاب ترین شێوازی سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، دەوڵەت و ریفۆرم کردنی دەسەڵات لە ناو بازنە و دیوارەکانی دەوڵەتدا کە خزمەت بە ماف و ئازادیەکانی زۆرینەی هەرە زۆری تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە بکات کە لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەن و مافی چین و کەرت و کۆمەڵە ودەستە و توێژاڵەکانی کۆمەڵ فەراهەم و مسۆگەر بکات، ئەو بیرۆکەیە قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵپێگەیشتن و پێشکەوتن و گەشەکردنی ئاوەز و بیری مرڤدا پەرەی سەند و بە تێپەڕبوونی زەمەن لە وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕیەکی ڕانەوەستاو بەردەوام دابووە تاکو ئەو پێداویستیانەی کە مرۆڤ گەرەکیەتی بۆ ئاسودەی و بەختیاری خۆی لە یاساو رێساکانی دەوڵەتدا زامن و بەرجەستەی بکات، نەزمی سیستەمە دیمۆکراسیەکان لێبڕاوانە عەوداڵی ئەو پرنسیپ و میکانیزمەن لە ستراکتوری دەسەڵاتەکاندا کە خۆشنودی و ئازادیەکانی تاکی سنوری قەڵەمڕەویان بەرجەستە و دابین دەکات وە ئەو میتۆد و شێوازەی کەلە ستراکچەری دەسەڵاتەیە ئەکتیف و کاراتر بێت، لەو مێژوو دوور و درێژەوە تاکو ئەم سەروەختە مرۆڤ لە هەوڵی پاماڵ کردنی ماف و ئازادیەکانیدا بووە بۆ سەقامگیرکردنیان بە شێوەیەکی پراکتیکی لە بەرنامە و کارنامەی دەوڵەتدا.

هزری رزگار بوون لەو کۆت و قەید و شەرتانە کە بوونەتە بەربەست و لەمپەر لە پێش تەواوی ماف و سەربەستیەکانی مرۆڤدا رووبەر و پانتایەکی زۆرو زەوەند و فراوانی لە بیرو بۆچوونی بیریاران و هزرڤانانی ئەو بوارە دابڕ کردووە بۆیە هەمیشە عەوداڵا و خولیای ئەوە بوونە کۆمەڵگا بەرەو رێچکە و ئاقاری هەرس کردنی دیموکراسیەت بەرن بە راڤە و شرۆڤە کردنێکی واقعبینانە و سەردەمیانە بە مەرامی جێنشین کردنی پایە و دینگەکانی دیموکاتیەت لە ناو دەزگا و دامەزراوە شەرعیەکانی دەسەڵاتدا.

بە درێژای مێژوو، مرۆڤ لە تەقەلا و کۆششێکی بەردەوامدا بووە لە بەرامبەر ئەو رێگر و بەربەستانی کە هۆکار و فاکتەری زەوتکردن و پێشێل کردنی ماف و ئازادیەکانی بوونە مرۆڤی وەك کۆیلە و دەست بەسەر هێشتوەتەوە، ئەمەش قوربانیەکی زۆری ویستوە تاکو ئەو رێگرانە بنکۆڵ و ریشەکەن بکات و بە ئاوات و مەرازەکانی خۆیان بگەن، بە تێپەڕبوونی زەمەن مرۆڤ توانیویەتی بەشێك لەکوت زنجیرەکانی چەوساندنەوە بپسێنی بێگومان بۆ ئەو پساندنەش لە ململانێ و کێبڕکێیەکی سەرسەختانە و بەردەوامدا بووە چونکە یاسای سروشت هەمیشە لە گۆڕاندایە و روو لە پێشکەوتنە ناکری مرۆڤ لە دەرەوەی ئەو پەرە سەندن و بەرەو پێشڤەچوون و ئاڵوگۆڕیانە دەستە وەستان بمێنێتەوە و تێبڕوانی، هاوکات داهێنانە هاوچەرخیەکان و تەکنۆلۆجیە پێشکەوتووەکان لەم سەردەمەدا تەواوی زانیاریەکانی جیهان بەهەموو کون و قوژبنێکی دنیا دەگەیەنن لەلایەکی ترەوە گلۆتی تاك جەمسەری کاریگەریەکی گەورەی لە رێڕەوی کۆمەڵگاکان هەیە بۆ دەست نیشان کردن و پنت دانان لە سەر نەزمی ئەو رەووتە و ساغ کردنەوەی چارەنووسی گەلان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سیستەمی بەڕێوەبردن (کۆمەڵگای مەدەنی) بووەتە ستراتیژی ئامانجی ئەو کۆمەڵگایانەی کە پیادەی دیموکراتیەت دەکەن هەرچەندە ئەمە ساڵانێکە چەمکی (کۆمەڵگای مەدەنی) لە بڕەودایە بەڵام ڕەگ و ریشەیەکی کۆن و قوڵی هەیە و زۆربەی زانایانی ئەو بوارە هەوڵی راڤە و پێناسە کردنیان داوە هەر یەك لە دیدو بۆچوونی خۆیەوە بەردێکی خستووەتە سەر ئەو دیوارە هەوڵی داوە لە رووی تیوەریەوە کۆمەڵگایەکی مەدەنی بی غەل و غەش چی بکەن بەڵام لەسەردەمی ئەرستۆ و سیسرۆندا زیاتر جێگای بایەخ و مشتومرێکی زۆر بووە گرنگی و بایەخیان پێداوە بۆ ناساندن و ئاشکراکردنی مەغزا و رەهەندەکانی ئەو چەمکە و وێنا کردنی بەشێوەیەکی پراکتیکانە دامەزراندنی رەکیزەکانی لە هەناوی کۆمەڵگاکاندا، پاشتر هەندێك لە بیرمەندان و زانایان لێکۆڵینەوەی زانستی و پێداچوونەوەیان لەمەڕ کۆمەڵگای مەدەنی کردووە وەك (هیگل و تۆماس هابز و جان جاك رۆسۆ و ئانتۆ نیوگرامشی و. . . . هتد) چەندین بیرۆکەی تریان لەو بوارەدا خستووەتە بەردەم هزروانانی دوای خۆیان.

کۆمەڵگای مەدەنی لەزەمان و زەمینەی دیمۆکراسیەوە چەکەرە دەکات و دەخولقی و شکۆفە دەکات لە رێگای سەرهەڵدان و رابوونی (ئەنجومەن، جیڤات، یانە، رێکخراو، دەستە، کۆمەڵە، پارت، . . . . هتد) داکۆکی لە ماف و ئازادیە بنچینەیەکانی کەرت و توێژە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا دەکەن کە هەر هەموو ئەمانە لە سەر بنەما و پرنسیپی دیمۆکراتیەت دێنە دامەزراندن تێکڕای هەنگاو و تێکۆشانەکایان لە سنور و جوغزی دیموکاتیەتدا دەبێت سەرەڕۆی و پێشێلکاری لە ماف و ئازادیەکانی یەکتر ناکەن وە لەم کۆمەڵگایە بازنە و سنوری دەسەڵاتەکان دیاری دەکرێت و زۆربەی جەماوەر بەشداری لە بڕیاردانی بەرێوەبردندا دەکەن.

ئەمە قسە و باسێکی زۆر هەڵدەگری چەند لەسەری بدوێین ناتوانین مافی رەوای خۆی پێبدەین بەڵام زۆربەی بیریار و هزرمەندانی ئەم بوارە کۆك و یەکدەنگن لە سەر ئەم پوختەیەی لای خوارەوە:

* دەسەڵاتی کۆمەڵگا لەدەست توێژیك یان چینێکی تایبەتیدا کۆنەبێتەوە دەسەڵاتەکان بۆ خۆیان پاوەن و قۆرخ بکەن.

• * هەر دەسەڵاتێك لە نەخشە و سنوری دیاریکراوی خۆیدا بمێنێتەوە سنور بەزێنی و زیادە رەویی نەکات.

• * مافە سەلمێنراو دانپێدانراوەکانی تاکەکانی کۆمەڵ بەتەواوی و بەشێوەیەکی کردەنی و پراکتیکی لەبەر چاو بگیرێت.

• *سەربەستی بیرکردنەوەو ڕا دەربڕین لە چوارچێوەی دیاریکراوی یاسا وەك پرنسیپێکی نەگۆڕلە ژیانی کۆمەڵگادا رەوای خۆی پێبدرێت و گرانتی ئازادیەکانی فەراهەم بکرێت.

• * یاسا توانا و دەسەڵاتی بەسەر هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگادا هەبێت هەموو بڕیارێکی دەرەکی و لاوەکی لەدەرەوەی یاسا بپوکێنێتەوە و پوچەڵی بکاتەوە.

• * هەر چەندە لەپێکهاتەی کۆمەڵگادا خاوەنی داب و نەریت و زەوق وبۆچوون و ئاکاری جیاوازن وەلی وا دەخوازی فەرهەنگی لەسەرەخۆی و پێکەوە ژیان و پێکەوە هەڵکردن و تەحەموول و دیالۆگ و رێزگرتنی مافی خەڵکی دیکە پیادە بکەن.

• * قبوول کردنی هاوبیری و هاوکاری و هاوچارەسەری گونجاو و هاوبەشەکان کە بەمانای بڕیاردانێکی ژیرانەیە بۆ بەرێوەبردن و راپەڕاندنی کار و ئەرکی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا.

قەسە کردن لەسەر کۆمەڵگایەکی ئاوا چەند و چوونی زیاتر دەخوازی و ئاوڕدانەوەیەکی جدی و هەوڵێکی لێبڕاوانەی دەوێت کەهەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵ تێیدا هاوبەشبن بۆ چارەسەرکردنی پرسە هەڵواسراو بی ئاکامەکانی کەڵەکە بووی ناو هەناوی کۆمەڵگا کە کلیلی ئەو چارەسەرکردەنی ئەو گرفتانە بەپلەی یەکەم بە هاووڵاتیبوونی هەرتاکێکەمانە ئەوکات دەشی تەواوی ماف و ئەرکەکانمان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بناسین، ئیمەی کورد لە بەرەبەیانی مێژووە پێش دەوڵەتەشارەکانی یونان بەگەواهی د. ستیڤن مانسفیلد و دوگلاس لایتۆ لە کتێبی (گەڕان بە دوای دیموکراسیدا لە میدیاوە بۆ ئەمەریکا) کە باپیرە گەورەی میدیەکان یەکێك بوون لەو گەلە سەرەتایانەی کەڵکیان لەشێوازی دیموکراسی وەرگرتووە بۆ چەشنی فەرمانڕەوایکردن، ئەمە پەیامی کورد بووە بۆ بەشەریەت بەر لە پێنج هەزار ساڵ، بۆیە ئێستا ئاسایە و هیچ حونەر نیە کوردستان ببێتە مینبەر و سەکۆی دەنگی زوڵاڵی دیموکراسی و پێکەوە ژیانی گشت تایفە و نەتەوە و ئاین و ئاینزایەك کە لە کوردستان و عێراقدا دەژێن، کە ستافی کوردی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پارێزەرێکی راستەقینەی ئازادی و مافەکانی مرۆڤی ئەم کۆمەڵگایە بوون بە گشت بیر و رەنگە جیاوازەکانەوە لە دەستوری هەمیشەی عێراقدا، ئەشی پاش تۆکمە کردن و بەهێز کردنی پایە و دینگە بنەڕەتیەکانی دیموکراسیەت لە ناو کۆمەڵگادا پرۆسەی بە هاووڵاتی بوون بەهاونیشتمانی بوونی تاکو کۆی کۆمەڵ بێتە ئاراوە بەمەش زەمینە دەرخسی بۆ هاتنە کایەی کۆمەڵگای مەدەنی و سەروەر بوونی دەسەڵاتە شەرعیەکان کە خاراوی ناو دەروونی کۆمەڵگا و جەماوەر بێت.

husin966@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.